هاپەین ... دەستگیرکردنی کەسێک بەتۆمەتی دزینی ئۆتۆمبێلی پوری

ئەمڕۆ هێزی ، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاپەین ڕایگەیاند، لە ناحیەی چوارقوڕنە سەر کەس بە تۆمەتی دزینی ئۆتۆمبیل دەستگیرکران کە هەڵساون بە هێنانی ئۆتۆمبیلی جۆری (BMW330) لە شاری هەولێر، بەمەبەستی ساغ کردنەوەی وەك ئۆتۆمبیلێکی بە سڕیتا، دواتر یەکێك لە تۆمەتبارەکان دانی بەوشدا ناوە کە هەستاوە بە دزینی ئۆتۆمبیلێکی دیکە کە هی پوری خۆی بوە.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاپەین لە هاگیەندراوەکدا باویکردەوە، دوای بە دەستهێنانی زانیاری لە لایەن هێزەکانمان لە نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی هانیە سەر کەس بە ناوەکانی (م، م، ق) لە دایکبوی ساڵی 2005 و (هـ، جـ، ک) لە دایکبوی ساڵی 2005 و (م، ڕ، م) لە دایکبوی ساڵی 1998، کە هەر سێکیان دانیشتوی کەرکوك و کاسبن، لە پشانگاکانی کەین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لە ناحیەی چوارقوڕنە دەستگیرکران.

ئاماژەی بەوشکرد، تۆمەتباران هەستاون بە هێنانی ئۆتۆمبیلی جۆری (BMW330) مۆدێل 2024 ڕەنگی ڕەش، لە شاری هەولێرەوە بە پشانگاکانی کەین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لە ناحیەی چوارقوڕنە و لێکردنەوەی

تابلۆکانی بە مەبەستی ساخکردنەوەی وەك ئۆتۆمبیلی بە سەرچاوە کە پێشتر لە لایەن تۆمەتبار (م، م، ق) ئۆتۆمبیلەکە بە کرێ بە ماوەی مانگێك بەکرێ گیراوە.

بەگوێرەی هاگیەندراوەکە، دوای لێکۆڵینەوە لە گەیاندا تۆمەتبار (م، م، ق) لە کاتی وەرگرتنی وتەکانیدا دانی نا بە تاوانکی دیکەدا کە جگە لەو تاوانی ئێنجامی داوە، هەستاوە بە دزینی ئۆتۆمبیلی پوری لە جۆری (کیا سپورتاج) مۆدێل 2014 ڕەنگی سپی لە شاری کەرکوك و فرۆشتویەتی بە بڕی 13 هەزار دۆلاری ئەمریکی.

لە هاگیەندراوەکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاپێچین ئۆش هاتوە، دادوەر بەیاری دا بە هاگرتنی تۆمەتباران بە پێی مادەی (453) لە یاسای سزادانی عێراقی و لێکۆڵینەوە لەگەیاندا بەردەوامە.